

بەپێی ناسنامەکەم ساڵی لەدایکبوونم
١٩٤٩ی زایینییە.
لە گوندی "سادەوا" (دالەکەی وەك دالی
قادر ئەخوێنرێتەوە) کە فارسەکان بە هەڵە
"سەعدئاباد"ی پێ ئەڵێن و خەڵکی لای
خۆمان پێیان وایە کە "سادەوا"
کورتکراوە و ئاڵوگۆڕکراوی
"سەییدئاوا"یە؛ چونکە چەند دانگێکی ئەو
گوندە موڵکی بنەماڵەی دایکم (زوبەیدەی
کچی سەیید ئەمین) بووە کە لە
سەییدەکانی بێلووی مەریوانن و بە ڕەگەز
دەچنەوە سەر ساداتی بەرزنجە و وا
بەناوبانگە کە ئەوان ئاوەدانیان
کردووەتەوە.
گوندی سادەوا لەسەر سنووردایە و
سەعاتەڕێیەك لە شاری پێنجوێنەوە
دوورە.



بەندە ناوم موحەممەدیوسفە.
بابم حاجی مەلا سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵای
کوڕی خوامورادی کوڕی کەریمی کوڕی ڕەسوڵی
کوڕی مەولانە.
بنەماڵەم ڕەهنموون (ڕێنموون)ە و نازناوی
شیعریشم "کۆچەر"ە.
سەبارەت بە ناوەکەم؛ کە زۆر کەس وا دەزانێت
خۆم موحەممەدم و یوسف جەنابی باوکمە.
بەندە سەرەتا ناویان لێ ناوم یوسف و پاشان
کە دەبرێمە خزمەت شێخی عەلائەدین و لە ناوم
دەپرسێ و دەڵێن ناوی یوسفە، ئەویش
دەفەرمووێت: با موحەممەدێکی منیشی پێوە
بێت.
بەو شێوەیە بووم بە موحەممەدیوسف.



چونکە باوکم خۆی کاتێك بە هەتیوی لە
گوندی بالکدا بووە و ئاغاکانی بالک،
"مامۆستا مەلا ئەحمەدی چاژی" یان
هێنابووە بالک هەتا دەرس بە
منداڵەکانیان بڵێتەوە و لەبەر هەتیبوون
بەزەییان بە باوکیشمدا (کە بە مەلا
سەعیدی بالکی و پاشان بە حاجی مەلا
سەعیدی سادەوا بەناوبانگ بوو)
هاتووەتەوە و ڕێگایان داوە ئەویش لە
خوێندنی قورئان و ئەو هەموو کتێبانەدا
بەشداری بکات.



کاتێك لە خزمەت باوکی بەڕێزمدا دەستم کرد بە ئەلفوبێ؛
<یا الله. یا فتّاح. یا رزّاق. یا عیلم>ی بۆ نووسیم و بۆ فێربوونی پیتەکان نوختەی ڕیز ئەکرد هەتا بە قەڵەم بیان خەمە سەر یەك و پیتێکی لێ دروست بکەم.
بۆ فێربوونی ڕێنووسی ڕستەکانیش باوکم هەمیشە شیعرێکی وەك سەرمەشق بۆ ئەنووسیم!



له کوریشدا ئەحمەدی و چلچرای
ئیسلامی مامۆستا عەبدولکەریمی
مودەڕیسم خوێندووە.
هەمیشە هۆنراوەی هۆنەرانی کوردی
وەك قانیع و مەحوی و نالی و
مەولەوییم لەبەردەستدا بووە و هەر
لە منداڵییەوە هۆگری ئەدەب و
هۆنراوە بووم و تا ئێستاش وازم لێ
نەهێناوە و زۆرجار بە دڵمدا هاتووە
کە خۆزگە پاش مەرگ و لە
پاشەڕۆژدا هەرچی دیوانە
شیعرەکانە لەبەردەستدا بوونایە و
لەسەرخۆ و بێ پەلەکردن هەموویانم
بخوێندایەتەوە.
هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی
ئەدەبیات، چ کوردی و چ فارسی،
ببێتە خۆشترین شت بە لامەوە.



منیش هەر لەو کاتەوە کە چاوم بە
دونیادا هەڵێناوە و ڕاست و چەپی خۆم
ناسیووە، دەستم بە خوێندن کردووە
بەهۆی هاندانی باوکمەوە چێژم لە شیعر
وەرگرتووە و پێی ڕاهاتووم.
پاش تەواوکردنی قورئانی پیرۆز؛ جگە
لە دەرسی ئایینی و خوێندنی
سەرەتاکانی سەرف و نەحو لای بابم، لە
فارسیدا گوڵستان و بوستان و هەندێك
لە کەلیلە و دیمەنە و تەئریخی
موعەجەجەمم خوێندووە.
بۆ فێربووونی وشەکانیش نصاب
الصّبیانم خوێندووە و تەقریبەن لەبەرم
کردووە.



سەرەتای دەرسخوێندنی منداڵیم
لەلای جەنابی باوکم بووە.
حاجی مەلا سەعیدی بابم پیاوێکی
ئەدەبدۆست بوو و لە زانینی
کتێبەکانی سەعدی و حافز و نیزامی
و مەسنەویدا کەموێنە بوو.
هەروەها بۆ لێکدانەوەی
هۆنراوەکانی نالی و مەحوی و
مەولەوی نموونە بوو و بۆ خۆیشی
هۆنراوەی هەبوو و نازناوی "صابری"
بۆ خۆی هەڵبژاردبوو.



باوکم لە ژیانییدا پێنج خێزانی
هەبووە.
لە مەجمووعی ئەو پێنج خێزانەدا زیاد
لە بیست منالی مردوون و منالی بۆ
نەماوەتەوە.
ئەوەڵین منالێك كە بووە و ماوە بەندە
بووم.
من تاكە مندالی خانەوادەكەمانم كە
ماومەتەوە.



بنەماڵەی ئێمە هێندە ئەم دیو و ئەودیو و
ئەم گوند و ئەو گوندییان کردووە کە بە
ڕوونی نازانم خەڵکی کام دیوی
کوردستانین.
بابم لە ساڵی ۱۹۰۱ی زاینییدا لە گوندی
"بالک"ی مەریوان لەدایك بووە و لە بیارە لە
خزمەت ماموستا مەلا عەبدولکەریمی
مودەڕیس ئیجازەی وەرگرتووە و لە گوندی
"شیان" و "مەسۆ" مەلایەتی کردووە و
دواتر گواستوویەتیەوە بۆ ڕۆژهەڵات و لە
گوندی "سادەوا" گیرساوەتەوە و هەر
لەوێش لەگەڵ دایکمدا ژیانی هاوبەشیان
پێك هێناوە و نزیکی پەنجا ساڵ هەر لەوێ
ماوەتەوە و کاتی خۆی بە دەرس وتنەوە بە
فەقێیان و کاروباری مەلایەتی و لە هەمان
کاتدا بە ئاژەڵداری و کشتووکاڵەوە
بەسەربردووە و زۆربەی ژیانی خۆی و
بنەماڵەکەی هەر لەم ڕێگەوە دابین کردووە.



ماموٚستا مەلا ئەحمەد زانایەکی گەورە و بە
زانینی گوڵستان و بوستان و هەموو
کوللیياتی سەعدی و هەر پێنج کتێبەکەی
نیزامی و کەلیلە و دیمەنە و تەئریخی
موعەججەم بەناوبانگ بوو.
مەلا سەعیدی باوکم لەبەر گرنگیدان و باش
دەورکردنەوە؛ لە هەموو هاوەڵەکانی و کوڕە
بەگزادەکان و ئەحای فەرەج و شێخ حەمە
سەعید لە پێشتر ئەبێ و ئەدەبییاتێکی
باشی فارسی فێر ئەبێت.
لەبەر ئەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیش
تام و چێژی ئەدەبیاتی فارسی پێوەیە؛
باوکم ئەدەبیاتی کوردیشی باش ئەزانی و
هەمیشە نموونەی پێ ئەهێنایەوە.



هەر لە کاتی منداڵییمدا کە
(چوارباخی پێنجوێن، شاخی
هەورامان، دەشتی گەرمیان)ی
شاعیری پایەرزی مەریوانی مامۆستا
قانیع دەرچووبوو و لەبەر ئەوەی کە
شیعرە مەبەستدار و پڕ لە کاکڵەکانی
مامۆستا قانیع، کە هەموو ستەمکار
و فێڵباز و داگیرکەرانی کوردستانی
دابووە بەر پلار و باشی پێکابوون و
کەسیان لە دەستی دەرنەچووبوون،
بە شێوەیەک نووسرابوون کە
منداڵێکی نەزانی وەک من و
جوتیارێکی هەژار و ڕەنجبەرێکی بێ
دەسەڵات چێژیان لێ وەرئەگرت؛
هەموو ئەو نامیلکانەیان بۆ کڕیبووم
و دەمخوێندنەوە و تەنانەت کچانی
ئاوایی بۆ خوێندنەوەی ئەو شیعرانە
بە باوەش هەڵیان ئەگرتم و بۆ ماڵان.



پاش ئەوەی لە خزمەت باوكمدا دەستم بە خوێندنی (قورئان، نەحو و سەرف، گوڵستان، بوستان، كەلیلە و دیمەنە، تەئریخی موعەجەم، ئەحمەدی، نصاب الصَبیانم)كرد.
دواتر لای بەشێك لە فەقێكانی باوكم دەستم كرد بە خوێندنی عەوامیل و هەندێ كتێبی سەرەتایی، وە پاشان بۆ كتێبی (انموزج) چوومە خزمەت مامۆستا و لە خزمەت (مامۆستا زایید ئەشعەری)دا لە گوندی (مووسك و سەڵسیە) خوێند.



پاشان بۆ خوێندنی کتێبی (الصمدیه)
گەڕامەوە خزمەت باوکم و پاشان
چوومە خزمەت (مامۆستا مەلا
موحەممەدی زەینەب) لە باشماخ و
کتێبی (تەصریفی مەلا عەلی)م خوێند.
پاشان هاتمە شانەیەری و بۆ خزمەت
(مامۆستا مەلا سەید مەجید) و
(ئیستعارە)م خوێند.
پاشان چوومە گوندی (بانی بنۆك) لە
خزمەت (مامۆستا سەید ئەحمەد)دا
هەندێ لە کتێبی (کافیە)م خوێند و
پاشان بەشێکی تری ئەم کتێبەم لە
گوندی (بایاوا) خوێندووە و پاشتر لە
خزمەت باوکمدا تەواوم کردووە.



پاشان چوومە خزمەت (مامۆستا
مەلا مەحموود سیاناو) و کتێبی
(فریدە)م خوێند، و بەشێکیشم لە
کتێبی (مەنطیق) خوێند.
دواتر لە خزمەت (مامۆستا مەلا
موحەممەدی مل چەور)دا دەستم
کرد بە کتێبی (عبدالله یزدی) و ئیتر
هاتوومەتە خزمەت (مامۆستا مەلا
موحەممەد ئەمینی کانی سانان)
مەتنی (عبداللەی یزدی) و
(سەبزەواری) و (آداب) و (مقولات) و
(تلخیص) و (عەقائیدی مەلا جەلال)
و (جمع الجوامع)م خوێندووە.
دواجاریش کە مامۆستای کانی
سانان بە لێقەوماوی هاتۆتەوە ئێرەو
لە (سەید سادق) دوا کتێبم لە
خزمەتییدا خوێند و ئیجازەی عیلمیم
لە خزمەتییدا وەرگرت.



بۆ فەقێیەتی ئەم گوندانە گەڕاوم: گوندی
مووسکی مەریوان لە خزمەت مامۆستا
مەلا زاهید، باشماخ لە خزمەت مامۆستا
مەلا موحەممەدی خوداجوو، شانەدەری لە
خزمەت مامۆستا مەلا سەید مەجید، بانی
بنۆك لە خزمەت مامۆستا سەید ئەحمەد،
بایەوە لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا،
سیاناو لە خزمەت مامۆستا مەلا
مەحموود، بەردەڕەشە لە خزمەت
مامۆستا مەلا موحەممەدی ناسراو بە
مامۆستای ملچەور و لە کۆتاییدا لە کانی
سانان لە خزمەت مامۆستای گەورە
مامۆستا مەلا موحەممەدئەمیندا خوێندنم
کۆتایی پێ هێناوە.
شایانی باسە کە لە کتێبی "عبدالله
یزدی"یەوە هەتا کۆتایی خوێندنی ئایینیم
لە خزمەت ئەم مامۆستا دڵسۆز و
میهرەباندا خوێندووە.



به کورتی ئەم کتێبانەم لە ژیانی
فەقێیەتیمدا خوێندووە: قورئانی
پیرۆز، ئیمان و ئیسلام، چلچرای
ئیسلام، ئەحمەدی، نِصابُ الصِّبیان،
گولوستان، بوستان، کەلیلە و دیمەنە،
تەئریخی موعەججەم لەگەڵ هەندێ
وردە کتێبی دیکە.
پاشان: تەصریفی زەنجانی،
عەوامیلی جورجانی، عەوامیلی
بورکەوی، أُنموذَج، صَمَدِیّە، إظهار،
تەصریفی مەلا عەلی، کافیة،
إستِعارة، وَضع، فەریدەی سیوطي،
عەبدوڵا یەزدی، سەبزەواری،
تَلخیص، ئاداب، مەقوولات،
عەقائیدی مەلا جەلال، جَمعُ الجَوامِع،
تَهذیبُ الکَلام، فَتحُ القَریب، بەشی
عیباداتی فَتحُ المُعین، بڕێك لە
مینهاج، نامیلکەیەك لە تەجویددا و
نیوەوناتەواو هەندێك کتێبی
دیکەش.



یان هۆنەرێکی تر دەڵێت:

دڵ وەکو کۆتەی قەساب و چاو وەکو جۆگەی دەلێن
وام لە مەیدانـی مەراقا ئەسپی غـەم وا زین ئەکەم

یان:

لەت لەتی جـەرگم دەلێنـی چاوی پڕ کـردوومـەوە
خوێن بە خوڕ نایێ مەگەر جۆماڵی ئەم جۆبارە کەن

یان:

اگر همـرنگ رویـت لالەای در بیسـتون رویـد
بیفشاند چو گرد از دامن خود نقش شیرین را

بە کورتی خۆشترین کاتوساتم خوێندنەوە و بیستنی
هۆنراوەی پڕ واتایە.



ئای چەندە چێژ وەردەگرم کە مەحوی دەفەرمووێت:

برا، فیکری چرا! کیبـرتـی فورسـەت تا لە دەستایە
شەوی یەلدا لە پێشە و ڕۆژی عومرت وەختە ئاوابێ

یان کاتێك مەولەویی دەفەرمووێت:

ڕوخسارش وەختێ مەسقەڵ مەدۆ لێش
بە شـنـۆی پارێز خـەیاڵ مـەبـۆ ڕێش

یان کە دەفەرمووێت:

سـەروەخـت ئەدای ئـەمانەتـمەن
نەشـر سیاهـەی خـەیانـەتـمـەن
پیری حەڵقەسان خەم پەنەم وەردەن
پەی درگای عەدەم ئامادەم کـەردەن



بەڵام ئەگەر شاعیر بوون بە واتای چێژبردن لە
شیعری جوان و پڕواتا و ڕەوان و خۆش بێت و
بەم مانایە بێت کە شیعر ببێتە خۆراکی گیانی
مرۆڤ؛ بەڕاستی لەم بوارەدا لەوانەیە کەموێنە
بم و هەر شیعرێك بەو زمانە و زاراوانەی کە
لێیان تێ ئەگەم، کوردی و فارسی و عەرەبی، لە
هەر بوارێکدا (پەسن، داشۆردن، نیشتیمانی،
دڵداری، جوانی سروشت و..) وترابێت؛ چێژ لە
هەر هەموویان وەردەگرم و زۆر کات پێیان
دەگریم و بڕواتان هەبێت کە جاری وا هەیە
تاکە شیعرێك ئەبیستم یان ئەیخوێنمەوە
ئەوەندەم پێ خۆشە کە ئەگەر لە کاتی
دەستەنگیمدا سامانێکی زۆری حەڵاڵی بێ
منەتم وەگیر کەوێت، هێندە پێی شادمان نابم!



سەبارەت بە شاعیر بوون و ئەدەبدۆستیم:
بێ پەردە و پێچوپەنا بە خوێنەری ئازیز
دەڵێم؛ کە ئەگەر شاعیر بوون بریتی بێت
لەوەی کە هەر کاتێك بمەوێ و لە هەر
بابەتێکەوە کە پێم خۆش بێت شیعری جوان
و پڕ لە جوانکاری و لیوانڕێژ لە واتا و مانای
بەتام بڵێم، یان هەروا لە خۆوە کانیاوی
هەستم بتەقێت و هۆنراوەی ڕەوان لە ڕێگەی
پێنووسەوە هەڵڕژێنمە سەر ڕووپەڕی کاغەز،
من هیچ کام لە مانە نیم..